## بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
## ژمارە (٢٤٣) لە ٢٠٢٤/٣/٢٧

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٢٨) لە ٢٠٢٤/٣/٢٧، ئەنجومەنی وەزیران بە کۆی دەنگ بڕیاری دا بە:

١. کەمکردنەوەی ڕەسمی گومرگی لەسەر ئاژەڵی زیندووی هاوردەکراو بۆ مەبەستەکانی سەربڕین و بەخێوکردن بە ڕێژەی (٥٠٪) لەسەدا پەنجا لە ڕەسمی ئێستا و پێویستە لە دوای یەک ساڵ پێداچوونەوەی بۆ بکرێت.

٢. سەرجەم وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن لە ڕۆژی گشتاندنی بڕیارەکە لەلایەن وەزارەتی دارایی و ئابووری.

٣. ئەم بڕیارە لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە.

**مەسرور بارزانی**

**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**